# عێراق و هەرێمی کوردستان
# لەبەردەم دەرفەت و مەترسییەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێدا

پێشەوا انور نصرالله [1]

[1] بەشی جوگرافیا، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: Peshawa.narulla@uoh.edu.iq

## پوختە

دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگای چینی (ڕێگای ئاوریشمی نوێ) لە دوای خستنەڕوویەوە لە لایەن سەرۆک کۆماری چینەوە لە ٢٠١٣، پرسێکی گرنگ و جێبایەخی زۆری ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی جیهانی و ناوچەیی بووە. بایەخدانی توێژەران و ناوەندەکانی بیر و توێژینەوە بەم پرۆژەیەی چین دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی، گرنگی و کاریگەرییە جیهانییەکانی ئەم پرۆژە پێشنیارکراوە. بە ئەندازەیەک کە، دەبێت لە گۆشە نیگایەکی جیۆئیکۆنۆمیکی و جیۆپۆلیتیکییەوە لێی بڕوانرێت. هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کە ئەم پرۆژەیە، پلان و ئامادەکاری چینە بۆ زلهێزبوونی لە سەدەی بیست و یەکدا. عێراق وەک وڵاتێکی بەشدار لە دەستپێشخەرییەکەدا، توانیویەتی ئەندازەیەکی بەرچاو لە سەرنجی حکومەتی چین و کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. لەم ڕووەوە، عێراق توانی لە ساڵی ٢٠٢١ دا زۆرترین قەبارەی وەبەرهێنانی چینی لە چوارچێوەی پرۆژەی یەک پشتێنە و یەک ڕێگادا وەربگرێت. بێگومان، هەر پرۆژەیەکی ستراتیژی لەم چەشنە، بە بێ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ناوچە و وڵاتە جیاوازەکان نابێت. لەم ڕوانگەیەوە، توێژینەوەی بەردەست مەبەستیەتی لە کاریگەرییەکانی ئەم پرۆژە زەبەلاحە لەسەر دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان بکۆڵێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی کتێبخانەیی و میتۆدی وەسفی/ شیکاری، توێژینەوەکە ئەنجامدرا. لە ئەنجامدا؛ چوار دەرفەتی گەورە و سێ مەترسی بنەڕەتی لەسەر دۆخی عێراق بە گشتی دەستنیشان کران. هەروەها، سێ مەترسی ڕاستەقینەش لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، سەرنجیان خراوەتە سەر.

**وشە کلیلیەکان:** هەستانەوەی چین، جیۆئیکۆنۆمیک، جیۆپۆلیتیک، عێراق، هەرێمی کوردستان

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10439 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٣ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/١٨ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Peshawa.narulla@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ م.ی. پێشەوا انور نصرالله، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

China's One Belt and One Road (New Silk Road) initiative, after it was proposed by the President of China in 2013, became an important issue and received a lot of attention from global and regional research centers. The attention of researchers, think tanks and research centers to this project is due to its magnitude, importance, and global effects. To the extent that this plan should be viewed from the geo-economic and geo-political perspectives. Some researchers believe that this plan will be China's plan and preparation for a superpower in the 21st century. As a participating country in this initiative, Iraq was able to attract a significant proportion of the attention of the Chinese government and its companies. Hence, Iraq was able to receive the largest amount of Chinese investment in the framework of the One Belt and One Road initiative in 2021. Certainly, any such strategic plan will not be without positive and negative effects on different regions and countries. From this point of view, the aim of the current research will be to investigate the effects of this mega project on the situation of Iraq and the Kurdistan region. To achieve this goal, the article was written in a library style and descriptive/analytical method. As a result; four big opportunities and three basic challenges were determined in front of Iraq in general. Also, three serious challenges will be faced by the Kurdistan Region in particular.


**Keywords:** China's rise, geoeconomics, geopolitics, Iraq, Kurdistan Region


## الملخص

كانت مبادرة الحزام والطريق الصيني (طريق الحرير الجديد) موضوعًا ساخنًا في مراكز الأبحاث العالمية والإقليمية منذ إطلاقها من قبل الرئيس الصيني في عام ٢٠١٣، و حظيت باهتمام كبير من قبل مراكز البحوث العالمية و الإقليمية. ويرجع اهتمام الباحثين و مراكز الفكر إلى هذا المشروع الصيني إلى حجم و أهمية و تأثير هذا المشروع المقترح على الصعيد العالمي. إلى الحد الذي يجب أن يُنظر إليه من منظور جيواقتصادي و جيوسياسي. و يعتقد بعض الباحثين أن هذا المشروع هو خطة الصين و استعدادها لتصبح قوة عظمى في القرن الحادي و العشرين. والعراق كدولة مشاركة في هذه المبادرة، استطاع جذب نسبة كبيرة من اهتمام الحكومة الصينية و شركاتها، وبذلك استطاع العراق ان يحقق قدرا كبيرا من الاستثمار الصيني في إطار مبادرة الحزام والطريق في عام ٢٠٢١. بالطبع لن يكون أي مشروع استراتيجي من هذا القبيل بدون آثار إيجابية و سلبية على مختلف المناطق و البلدان. و في هذا الصدد، يهدف البحث المتاح إلى دراسة تأثير هذا المشروع الضخم على الوضع في العراق و إقليم كوردستان. لهذا الغرض، أجريت الدراسة بشكل مكتبي و وصفي/تحليلي. و نتيجة لذلك؛ تم تحديد أربع فرص رئيسية و ثلاثة تهديدات أساسية للوضع في العراق ككل. كما تم تسليط الضوء على ثلاثة تهديدات حقيقية للوضع في إقليم كوردستان على وجه الخصوص.


**الكلمات المفتاحية:** صعود الصين، الجغرافيا الاقتصادية، الجغرافيا السياسية، العراق، إقليم كردستان

## پێشەکی

ڕێگەی ئاوریشمی نوێ ئاماژەیە بۆ خواستی ڕوو لە زۆری چین بۆ ئامادەبوونی زیاتر و فرەچەشنتر لە سەرانسەری جیهاندا. چین لە ئێستادا هاوبەشی ئابوری زۆریک لە وڵاتانی جیهانە و کاڵا بەرهەمهێنراوەکانی، بە فراوانی لە بازاڕی هەموو وڵاتانی جیهاندا بەرچاو دەکەون. بەڵام ئەم ئامادەییەی چین مایەی نیگەرانی هێزە ڕکەبەرەکانیەتی و هاوکێشەی هێزی نێودەوڵەتی وای خواستووە کە ئەم هێزانە بکەونە خۆ بۆ سنوردارکردن و جڵەوکردنی خێرایی گەشەی ئابوری چین. لەم ڕووەوە، هەوڵی بنەڕەتی چین لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە ئەوە بووە کە ڕێگە و میکانیزمی جێگرەوە بدۆزێتەوە بۆ ئەو هێڵە پەیوەندییانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی، لە ڕابردوو و ئێستادا وڵاتەکە بە دنیای دەرەوەی دەبەستنەوە. لەم ڕوانگەیەوە، بە سود وەرگرتن لە پاشخانە مێژوویی و بازرگانییەکەی، چین هەوڵی زیندوو کردنەوەی ڕێگەی ئاوریشمی مێژوویی (دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگا) داوە.

گەورەیی و گرنگی ئەم پرۆژە زەبەلاحەی چین کە وابڕیارە ڕۆژهەڵاتی چین لە ڕێگەی پشتێنەیەکی وشکانییەوە بگەیەنەتە ڕۆژئاوای ئەوروپا و لە ڕێگەی ڕێڕەوێکی ئاوییەوە بگاتەوە بەندەری ڕۆتەردامی هۆڵەندا، بێگومان، بێ کاریگەری و شوێنەواری ئەرێنی و نەرێنی نابێت. نزیک بە حەفتا وڵات لە سێ قارەی ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپا دەکەونە چوارچێوەی ئەم دەستپێشخەرییەوە. سەرەکیترین پرۆژکانی ئەم دەستپێشخەرییە لە بوارەکانی ژێرخان، وزە و بازرگانیدان (Yang, ٢٠١٨). ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بێگومان، یەکێکن لەو ناوچە ستراتیژییانەی کە چین مەبەستیەتی لە ڕێگەی هەردوو باڵی مێگاپرۆژەکەیەوە بیانگاتێ. عێراق کە خاوەنی یەدەگێکی فراوانی نەوتی خاوە و هەمانکات زۆر هەژارە لە بواری ژێرخاندا، بە مەبەستی بنیاتنان و پێشخستنی وڵاتەکە لە ساڵی ٢٠١٩، بە فەرمی ئەوەی ڕاگەیاند کە دەبێتە بەشێک لە دەستپێشخەرییەکە (تەها، ٢٠٢٢). لەساڵی ٢٠٢١ عێراق توانی ببێتە گەورەترین وەرگری سەرمایەی چینی بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەکانی ژێرخان و وزە.

هەر گۆڕانێک لە نەخشەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆئیکۆنۆمیکی جیهانیدا، بێگومان کاریگەری ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدواوە دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، چین کە لە ئێستادا بە زلهێزێکی ئابوری جیهانی دادەنرێت، هەندێک لە توێژەران خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکەی بە نیەتێکی جیۆپۆلیتیکی و جیۆئیکۆنۆمیکی لێکدەدەنەوە؛ و پێیان وایە کە چین تەنها مەبەستی ئابوری ڕوتی لە ئەنجامدانی پرۆژەی یەک پشتێنە و یەک ڕێگادا، نیە (Greiger, 2016). هەرچۆنێک بێت، بە ئەنجام گەیشتنی ئەم پرۆژە پێشنیار کراوە لە لایەن چینەوە، کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاوی دەبێت بەسەر جوگرافیای سیاسی تەواوی جیهانەوە.

## کێشەی توێژینەوە:

ئامادەیی چین لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. یەکێک لەو ناوچانەی کە چین مەبەستیەتی ئاستی ئامادەبوونی خۆی تێدا زیاد بکات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. عێراق و هەرێمی کوردستانیش کە لە هەناوی ناوچەکەدان، بێگومان یەکێکن لەو ناوچە لەبارانەی کە چین دەیەوێت ئامادەیی خۆی تیایاندا زیاتر بکات. ئەم بوون و ئامادەییەی چین لە چوارچێوەی ڕێگای ئاوریشمی نوێدا و لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیەش، بێگومان بە بێ کاریگەری و لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی، نابێت. لەم ڕووەوە، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوە دەبێت کە ئایا ئامادەیی و بەهێزبوونی چین لە ناوچەکە و لە عێراقدا چ جۆرە لێکەوتەیەک بە شوێن خۆیدا دەهێنێت؟ بۆ ئەم مەبەستە، گریمانەی توێژینەوەکە بریتی دەبێت لەمەی کە بەهێزبوونی چین لە عێراق و لە ناوچەکەدا لەخۆگری کۆمەڵێک دەرفەتی گەورە و مەترسی ڕاستەقینەیە، هەم بۆ عێراق و هەم بۆ هەرێمی کوردستان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پرسێکی زیندوو، گرنگ و پەیوەست بە ئێستا و داهاتووی عێراق و هەرێمی کوردستان دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. بابەتێکی لەم چەشنە، سەرەڕای گرنگییەکەی، بەڵام تا ئێستا نەبووەتە بابەتی توێژینەوەی جدی ناوەندەکانی توێژینەوە. ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەی کە بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە بڵاوکراونەتەوە لە چەند دانەیەکی کەم تێناپەڕن، بۆیە گرنگە و پێویستە توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت.

## شێواز و میتۆدی توێژینەوە:

شێوازی ئەنجامدانی توێژینەوەکە تیۆری، کتێبخانەیی و وەرگرتنی داتا و زانیاری پێویستە لە پێگە فەرمییە ئینتەرنێتییەکانەوە. لەپاش ئەمە، لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی/ شیکارییەوە، داتا و زانیارییە بەردەستەکان شرۆڤەکراون. مەبەستی سەرەکی میتۆدی وەسفی ئەوەیە کە ئەو بابەتەی کە دەربارەی لێکۆڵینەوە کراوە، وەک ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە، وەسفی بکات و بیناسێنێ. لە هەنگاوی دواتردا بە شێوەیەکی شیکاریانە، شرۆڤەی ڕەهەندە جیاوازەکانی دیاردەکە و ئەو کاریگەری و لێکەوتانەی کە ئەگەری هەیە لە ئێستا و ئایندەدا بێنەئاراوە. کۆی ئەم پرۆسەیەش تەنها لە چوارچێوەی ئەو ئەدەبیاتە تیۆریەدایە کە سودی لێوەرگیراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

## پلانی توێژینەوە:

بۆ ئەم مەبەستە، توێژینەوەی بەردەست تەرخانکراوە بە لێکۆڵینەوە لە هەندێک لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییە ئیحتیمالییەکانی لەسەر دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان، وەک وڵاتێکی گرنگی بەشدار لە دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگادا. بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا کە بریتین لە یەک: بە خێرایی تیشک خراوەتە سەر هەستانەوەی چین لە ماوەی چواردەیەی کۆتاییدا. دوو: دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگا. چییەتی پرۆژەکە، ئامانج و مەبەستەکانی. سێ: ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ خستنە ڕووی ئەو مەترسی و دەرفەتانەی کە دێنە بەردەم عێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێگای ئاوریشمی نوێدا. چوار: بەشی کۆتایی توێژینەوەکەیە و لەخۆگری هەندێک مەترسییە کە بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەرییان لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان هەیە.

## یەکەم/ هەستانەوەی چین

تا کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو، چین یەکێک بوو لە وڵاتە دواکەوتووەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. گیرۆدەی چەندین قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی، هەر لە هەژاری، نەخوێندەواری، زۆری ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی خێرایان، کەمی دەرفەتی کار و نزمی ئاستی داهاتی تاک، تا دەگاتە خراپی پەیوەندی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی ئەوکات، هندستان و وڵاتانی ڕۆژئاوا، وڵاتی چینیان دوچاری نەهامەتی گەورە کردبوەوە. سەرباری هەبوونی ئەم کێشەو گرفتانە، هەوڵێکی ریشەی و عەقڵانیانە بۆ چارەسەری لانی کەمی ئەم گرفتانە تا کاتی کۆتاهاتنی تەمەن و سەردەمی ماو زیدۆنگ ( Mao Zedong 1893-1976) ڕێبەری شۆڕش و سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چینی، بەدی ناکرێت.

لەگەڵ بە کۆتاهاتنی ژیانی ماو و یەکلابوونەوەی کێشەی جێنشینییەکەی، چین بە ڕێبەرایەتی دنگ شیاو پینگ (Deng Xiaoping 1904-١٩٩٧) بە شێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆ، واز لە شێوازی حکومڕانی باوی ماو دەهێنێ و سیاسەتێکی نوێ لەژێر ناونیشانی "دەرگا کراوەکان" دەگرێتەبەر. دنگ باوەڕی بەوە بوو کە دەبێ چین بنیات بنرێتەوە لەژێر سایەی "سۆسیالیزمێکی تایبەتمەند بە چین". بەم شێوەیە، لەگەڵ مانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی وەک تەنها پارتی دەسەڵاتدار لەو وڵاتەدا، چاکسازییەکانی -بەزۆری ئابوری- دنگ کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە.

(کیسینجر، ١٣٩١، ٤٣١).

سیاسەتی "دەرگا کراوەکان" ئاماژە بوو بە کۆتاییهاتنی سەردەمێکی دورودرێژ لە گۆشەگیری و داخرانی چین بەسەر خۆیدا، سەردەمێک کە چین وەها پێناسەی خۆی دەکرد کە سەنتەری دنیایە و هەرچی پێشکەوتن و داهێنانە لە چینەوە سەرچاوەی گرتووە و دەرئەنجام پێویستی بە تێکەڵی و دانوستان نیە لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا؛ بۆ خۆ پاراستن لە مەترسییەکانی هۆزە بێگانە و ناشارستانییەکانی لە ڕوی باکورییەوە، هەزاران کیلۆمەتر دیواری بەدەوری خۆیدا ڕاکێشا و لە ڕوی باشور و ڕۆژهەڵاتیشیەوە وازی لە دەریا و دەریاوانی هێنا. درێژەدان بەم سیاسەتە "دەرگا داخراوەکان" کارەسات و شەرمەزاری گەورەی بۆ ئیمپراتۆریەتی چینی بەرهەمهێنا؛ سیاسەتی داخران بەسەر خۆدا وای لە چین کرد کە لە جەنگەکانی ناسراو بە جەنگی ئەفیون "تلیاک" لەبەرانبەری بەریتانیا و فەرانسادا بدۆڕێت و ناچار بێت مەرجەکانی بەریتانیا قەبوڵ بکات (عەزیز، ٢٠٢١، ٤٣). هەروەها، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٤٥ زەبری گەورە و کوشندە لە پەلامارەکانی ژاپۆنی دراوسێی، کە لە ڕووی ڕوبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، زۆر لە چین بچوکترە، ببینێت (https://www.history.ox.ac.uk/chinas-war-japan).

وادەردەکەوێت ئەو قەیران و شکستانەی کە لە سەرەوە ئاماژە بە هەندێکیان درا، پاڵنەرێکی بەهێز بوو بن بۆ گرتنەبەری مۆدێلێکی جیاوازی حکومڕانی لە لایەن شوێنگرەوەکانی ماوەوە لە پەکین. تێگەیشتنی ئەم نوخبە دەسەڵاتدارە هاوکات لەگەڵ فەزای جیۆپۆلیتیکی ڕەخساوی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو؛ کە خۆی دەبینیەوە لە بەهێزبوونی مەترسی پەلاماردانی چین لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەت و هاندانی بەردەوامی ئەمریکا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی چین و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، پێکەوە هاوکاربوون لە دەستپێکردنی چاکسازیی و کرانەوەیەکی ڕیشەیی و هەمەلایەنەی بەهێز، کە تەنها ماوەی چوار دەیەی پێویست بوو تا وڵاتەکە بگەیەنەتە پلەی دووەمی ئابوری جیهانی لە دوای ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە (کیسینجر، ١٣٩١).

دنگ شیاوپینگ، جێگرەوەی ماو و ئەندازیاری کرانەوە و هەستانەوەی چین، قسەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ" گرنگ نیە پشیلە سپی بێ یان ڕەش، گرنگ ئەوەیە بتوانێ مشک ڕاو بکات" (Buckle, 2018). ئەگەر ئەم وتەیە وەربگێڕینە سەر دۆخی حکومڕانی و سیاسی، ئەوا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە مەبەستی دنگ ئەوەیە کە چ گرنگییەک لەوەدا نیە کە وڵاتێک سیستەمە سیاسی و مۆدێلە حکومڕانییەکەی لەسەر کامە فەلسەفە و بیروهزر هەڵچنرابێ؛ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم سیستەمە کارامەیی و لێهاتوویی ئەوەی هەبێت کە ئامانجە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی حکومڕانی بهێنێتەدی. لە دیدی نوخبەی دەسەڵاتداری پاش ماودا، تەنها حکومەتێکی ئایدۆلۆژی (مارکسیزمی-ماوی) نابنە فریادڕەسی سەدان ملیۆن هاوڵاتی چینی گرفتاری هەژاری، نەخوێندەواری و دواکەوتوویی هەمەلایەنە کە بێجگە لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان دۆخی هەژاری و دواکەوتوویی، هیچ ئەنجامێکی دیکەیان نابێ. بە تێگەیشتن لەم ڕاستیە، نوخبەی دەسەڵاتدار، دروشمی کرانەوە و گەشەی ئاشتیانەی بەرزکردەوە و سەرکەوتوانە بە شێوەیەکی پراکتیکی و بەردەوام پەیڕەوی لێکرد.

لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی دەرگا کراوەکاندا، چین دەرگاکانی بەڕووی سەرمایە و تەکنەلۆژیای وڵاتانی دەرەوەدا کردەوە، هاوکات پارێزگاری لە سیستەمە سیاسییەکەی کرد، بەم واتایەی کە سیستمی ئابورییەکەی سەرمایەداری، کراوە و بازاڕی ئازاد بێ و سیستەمە سیاسییەکەی دیکتاتۆریەتێکی تاک حیزبی (مارکسی) بێت. پێکهاتە و نمونەیەکی ناوازە، کە عەقڵانیەت و ئیرادەی بەهێزی چینییەکانی بۆ گەشە کردن و پێشکەوتن بەرجەستە کرد.

لە ماوەی چوار دەیەی کۆتاییدا، ئابوری چین بەشێوەیەکی موعجیزەئاسا گەشەیکردووە، بەجۆرێک کە ڕێژەی گەشەی چین لەم ماوەیەدا یەکسانە بە ٩.٥٪، ئەمە بەرزترین ئاستێکە وڵاتیک تا ئێستا لە درێژماوەدا، لەسەر ئاستی جیهان، توانیبێتی تۆماری بکات (http://www.chinadaily.com.cn/business/chinaecoachievement40years/). لە ئێستادا چین هاوبەشێکی گەورەی ئابوری زۆربەی وڵاتانی دنیایە، زۆربەی لە کۆمپانیا گەورە موعتەبەر و ناودارەکانی جیهان، لە هەموو بوارەکاندا، یەکەی بەرهەمهێنانیان لە شارەکانی چیندا هەیە و کاڵای بەرهەمهێنراوی چین بازاڕی دنیای تەنیوە. هەروەها، کۆمپانیا گەورەکانی بواری، وزە، بنیاتنان وتەکنەلۆژیای چینی لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا چالاکن.

لە ڕیزبەندی ئابوری جیهانیدا، تێکرای بەرهەمی ناوخۆیی GDP (Gross Domestic Product) چین لە ئێستادا (٢٠٢٢) ١٤.٧ ترلیۆن دۆلارە و بە جیاوازی تەنها شەش ترلیۆن دۆلار لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوەیە کە بە (٢٠ ترلیۆن دۆلار)، لە پلەی دووەمدایە (https://globalpeoservices.com/top-15-countries-). ئەم جیاوازییە کەمە و هاوکات گەشەی خێرای چین بۆ گەیشتن بە پلەی یەکەمی ئابوری جیهانی، ئەمریکای ناچار بە پێداچوونەوەی جدی بە ستراتیژ و ئەولەویەتەکانیدا کردووە. هەندێک لە توێژەران پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئاستی گەشەی دوو وڵات بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا لە ماوەی دەیەی داهاتوودا، ئابوری چین پێش ئابوری ئەمریکاش دەکەوێتەوە و دەبێتە ئابوری یەکەمی جیهان. بێگومان وەها گۆڕانێک لە هاوکێشەی هێزدا بە بێ پێشهات و پاشهاتی گرنگ تێناپەڕێت.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، بە گشتی سیاسەتی دەرەوەی چین لەسەر بنەمای ئاشتی، ئارامی، هاوکاری و هەماهەنگی بەبێ هیچ جۆرە دەستتێوەردانێک لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی تردا، داڕێژرابوو و توانرا لە سایەی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەوە، چین بگاتە پلەی دووەمی ئابوری جیهانی. ئەم سیاسەتە وای دەخواست کە چین هیچ جۆرە بەرکەوتنێکی – بەتایبەتی لە ڕووی ئابورییەوە - لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد کە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕابەرایەتی دەکەن، نەبێت. بەڵکو، پێگەی خۆی لەناو سیستەمە جیهانییەکەدا بە ڕۆڵێکی هەماهەنگ و تەواوکەر پێناسە بکات. هەرچەند، لە هەندێک پرس و بابەتی وەک مەسەلەی تایوان، مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین کەوتوەتە ژێر فشار و ڕەخنەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام چین پەرچەکردارێکی گەورە و دیاری لێوە سەرهەڵنەداوە کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ڕەوتی گەشە بەردەوامەکەی.

لەگەڵ هاتنەسەرکاری شی جینپینگ (Xi Jinping 1953-) لە ساڵی ٢٠١٢ەوە، وەک چوارەم سەرۆکی هەڵبژێردراو لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە لە دوای ماو، هەست بە گۆڕانێک دەکرێ لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، لە دوای ماوەوە، سیاسەتی دەرەوەی چین لەسەر بنەمای ئاشتی و دەستوەرنەدان بووە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان؛ بەڵام هەندێک ئاماژە و هەڵوێستی نوێی چینی لەسەردەمی سەرۆکی ئێستادا، وەها دەخوێنرێنەوە کە چین بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و تەدریجی دەیەوێ لە سیاسەتی پێشووی دوور بکەوێتەوە و سیاسەتێکی نوێ، کە شایستە بێت بە زلهێزێکی جیهانی بگرێتە بەر (Pu, 2016, 118).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی کە لە ئارادایە، ناوەندەکانی توێژینەوە و بڕیاردانی ئەمریکا گەشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە گەورەترین مەترسی لەسەر هێز و هەژمونی ئەمریکا، نە ئێران و نە ڕوسیا نین، بەڵکو چینە. بۆیە دەبینین هەم لەسەردەمی ئیدارەی ترامپ و هەم بایدن، کۆماری و دیموکراتەکان، ستراتیژ و ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا وەرچەرخاوە ڕووەو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (سريع-القلم، ١٤٠١). ئەمریکا مەبەستیەتی گەشەی چین جڵەو بکات و لە خێراییەکەی کەم بکاتەوە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەهۆی سەرقاڵبوونی ئەمریکاوە بە جەنگە تاقەتپڕوکێنەکانی ئەفغانستان، عێراق و تیرۆرەوە، چین بە بێدەنگی و بێ لەمپەر و بە شێوەیەکی خێرا هەڵکشا؛ لەبەرئەمەیە کە، دەبینین ئەمریکا هەرچی زیاتر خۆی لە کێشە لاوەکییەکانی جیهان لادەدات و زیاتر سەرقاڵ ئەبێت بە پرسی چین و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە. هەرچەند، لە ئێستادا پرسی جەنگی نێوان ڕوسیا-ئۆکرانیا بەشێکی گەورەی بایەخ و سەرنجی ئەمریکای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. بە دوور نازانرێت کە هەڵگیرساندن و درێژەکێشانی جەنگەکە بە پاڵپشتی زارەکی و پلانی چین بووبێت؛ چونکە لەم دۆخەدا، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، لەبەر کەوتنەبەرمەترسی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا، ئەمریکا ناچارە، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت، لە ستراتیژی یەکەمی خۆی لابدات و زیاتر سەرقاڵ بێت بە پرسی باسکراوەوە.

دووەم/ دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگا (OBOR)

بە ماوەیەکی کەم دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک، شی جینپینگ لە سێپتێمبەری ٢٠١٣ لە وتارێکیدا لە زانکۆی نظیربایفی وڵاتی کازاخستانی هەرێمی ئاسیای ناوەڕاست، دەستپێشخەری یەک پشتێنەی ڕێگەی ئاوریشمی ڕاگەیاند. لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ و لە پەرلەمانی ئیندۆنیسیا پەردەی لەسەر ڕێگەی ئاوریشمی دەریایی لادا (The Belt and Road Initiative (BRI), One Belt One Road (OBOR),

New silk road)، هەر سێ ناونیشانەکە ئاماژەن بۆ هەمان پرۆژە. ئامانج لە خستنەڕووی ئەم دەستپێشخەریە بە گوێرەی حکومەتی چین، باشتر کردنی ڕێگاکانی پەیوەندی و ژێرخانی گواستنەوەی تەواوی ئۆراسیا، دەریای چینی باشور، زەریای هندی و دەریای ناوەڕاستە. هەروەها، باس لە پێویستی دروستکردنی بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیا کراوە (پیرسلامی و پیرانخو، ١٣٩٦، ٢٠).

حکومەتی چین لە ساڵی ٢٠١٥ دۆکیۆمێنتی ڕەسمی دەستپێشخەرییەکەی کە لە لایەن کۆمسیۆنی گەشەپێدان و چاکسازی نەتەوەییەوە پەسەندکرابوو، بڵاوکردەوە. بەپێی ئەم نووسراوەی حکومەتی چین، ئەم دەستپێشخەریە یارمەتیدەری بەدیهاتنی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابوری و هەماهەنگی ناوچەیی، قوڵکردنەوەی ئاڵوگۆڕ و لەیەکتریەوە فێربوونی نێوان شارستانیەتە جیاوازەکانی ناوچە پێکەوە بەستراوەکان و لە کۆتاییدا لە خزمەتی ئاشتی و گەشەپێدانی جیهانیدا دەبێت (Pu, 2016, 112).

سەرەڕای ئەندازەیەک لە ناڕوونی لە وردودرشتی پرۆژەکەدا، بەڵام بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان، ئەم دەستپێشخەریە هاوتای -لەهەندێک ڕووەوە گەورەتر- پلانی مارشاڵە بۆ بنیاتنانەوەی ئەوروپای دوای جەنگی جیهانی دووەم (پیرسلامی و پیرانخو، ١٣٩٦، ٢٠). پلانی مارشاڵ لە دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە بە مەبەستی بنیاتنانەوەی وڵاتانی ئەوروپی زیانمەندی جەنگ، بە ئامانجی نەکەوتنە ناو کۆشی کۆمۆنیزم و یەکیەتی سۆڤیەتەوە. بەپێی ئەو ئەدەبیاتە تیۆریەی کە دەربارەی دەستپێشخەریەکەی چین لەبەردەستدایە، هەم لە ڕووی پانتایی جوگرافی و هەم لە ڕووی سەرمایەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی ناو دەستپێشخەرییەکە، پلانە چینیەکە لە تەواو مێژوودا ناوازە دەکات، هەڵبەتە لە ئەگەری زاڵبوون بەسەر تەنگەژە و لەمپەرەکان و جێبەجێبوونیدا.

بەپێی خەمڵاندنەکانی چین، دەستپێشخەرییەکە نزیک بە ٧٠ وڵات لە سێ کیشوەری ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقا لە خۆ دەگرێت. کۆی ئەم وڵاتە بەشدارانە لەخۆگری ٤.٤ ملیار کەسن، هەروەها ٧٥٪ یەدەگی ناسراوی وزەی جیهانی لەناو ئەم وڵاتانەدایە. ماوەی ٣٠ بۆ ٣٥ ساڵ وەک کاتی پێویست لەبەرچاو گیراوە بۆ تەواو بوونی پرۆژەکانی دەستپێشخەرییەکە (Grieger, 2016, 4). حکومەتی چین بەڵێنی داوە ئەندازەی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخان و سەرخانی دەستپێشخەرییەکەیدا بگەیەنێتە سەرو یەک ترلیۆن دۆلار (رئیسی¬نژاد، ١٤٠٠، ١٢١).

ئەم پرۆژە بەرزەفڕانەیەی چین تۆڕێک لە ڕێگەی ئاسنی، وشکانی، بۆری گواستنەوەی نەوت و گاز، هێڵی گواستنەوەی کارەبا، فڕۆکەخانە و بەندەری دەریایی گەورە پێکدێت. بە شێوەیەکی گشتی، ئامانجی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە زیاتر و زیاتر چین لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە ببەستێتەوە بە جیهانەوە، بەجۆرێک کە ئەستەم بێت بۆ ڕەقیبەکانی کە بیر لە ئابلۆقەدانی بکەنەوە.

بە پێی نەخشەکانی بەردەست، ڕێگا و ڕێڕەوە سەرەکی و لاوەکییەکانی پشتێنەی وشکانی دەستپێشخەریەکە، تا ڕادەیەکی زۆر، زیندوو کەرەوەی ڕێگەی ئاوریشمی کۆنن. ڕێگەیەک (یان کۆمەڵە ڕێگەیەک) کە لە پێش زاینەوە تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە و خێرابوونی گواستنەوەی دەریایی، ڕێگەی بەستنەوە ڕۆژهەڵاتی دور بە ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژئاوای ئاسیا، دەریای ناوەڕاست و ئەوروپا بوو (Nobis, 2017). چین زیرەکانە دەیەوێ سود لەو پاشخانە مێژووییە دەوڵەمەندەی ڕێگای ئاوریشمی کۆن وەربگرێت بە مەبەستی سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی لە سەردەمی ئێستادا.


سێ ڕێگەی پێشنیارکراو لە لایەن بڕیاربەدەستانی چینەوە بۆ پشتێنەی وشکانی ئەم پرۆژە گەورە (mega project) ئابوریە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

ڕێڕەوی نێودەوڵەتی ئاسیا-ئەوروپا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا: ئەم ڕێڕەوە کە ترانزێت و گواستنەوەی کاڵا لە نێوان وڵاتانی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا و ئەفریقا لەخۆدەگرێت، لە چەند ڕێگەیەکەوە تێدەپەڕێت. یەک: جێگرەوەی یەکەمی چین بە وڵاتانی بەرژەوەندی هاوبەش، ئێران، عێراق، سوریە و لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاستەوە بۆ یۆنان و ئەوروپا درێژ دەبێتەوە. دووەم: ڕێگەیەکی دیکەیان لە چین، میانمار، بەنگلادش، هند، پاکستان، ئێران بە ئاراستەی تورکیا و ئەوروپا درێژ دەبێتەوە. سێ: ئەم ڕێگەیەشیان لە چینەوە دەست

پێدەکات بە کازاخستان، قیرغیزستان، تاجیکستان، ئەفغانستان، ئێران و لەوێشەوە بە تورکیا و ئەوروپا کۆتایی دێت (ترابی و صانعی، ١٣٩٥، ١١).

بێجگە لەو ڕێڕەوانەی سەرەوە، چەند ڕێڕەوێکی دیکەی گرنگ هەن، کە لە نەخشە و پلانی چینیەکاندان بۆ دەست پێڕاگەیشتنیان. لەوانە: ڕێڕەوێک بە ئاراستەی مەغۆلستان و بەشەکانی ناوەوەی سیبریای ڕوسیا. ڕێڕەوێک بە ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوای چین بە ئاراستەی کازاخستان، ڕوسیا و پاشان ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا. ڕێگەیەکی دەریایی لە ڕۆژهەڵاتی چینەوە دەستپێدەکات بەرەو گەروی بێرنگ، باکوری ڕوسیا، ڕۆژئاوای نەرویج و پاشان بەندەری ڕۆتەردامی هۆڵەندا، ئەم ڕێڕەوە بە ڕێگەی ئاوریشمی جەمسەری دەناسرێت. جێی ئاماژەپێدانە کە ئەم ڕێڕەوە دەریاییە لە دوای هاتنە ئارای دیاردەی گۆڕانی کەش و هەوا و توانەوەی سەهۆڵی جەمسەری باکور، گرنگی زیاتری پەیدا کردووە. لە ئەگەری دەستپێکردنی جوڵەی بازرگانی لەم ڕێڕەوە دەریاییەوە، ئەوا کات و تێچوویەکی بەرچاو بۆ بازرگانی ڕۆژهەڵاتی دور (ژاپۆن، کۆریای باشور و ڕۆژهەڵاتی چین) دەگەڕێتەوە؛ چونکە دوری ئەم ڕێگایە بەراورد بە ڕێگەی دەریایی نۆکەندی سوێس-دەریای ناوەڕاست، کەمترە. ڕێگەیەکی دەریایی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی چینەوە دەستپێدەکات بە ئاراستەی دەریای باشوری چین، ڤێتنام، سەنگاپور، مالیزیا، ئیندۆنیسیا، بەنگلادش، سریلانکا، جیبۆتی، دەریای سور، دەریای ناوەڕاست و پاشان دەگاتە ڤینیسیای ئیتالیا. ئەم دوو ڕێگەیەی کۆتایی بە ڕێگەی ئاوریشمی دەریایی سەدەی بیست و یەک دەناسێنرێن.

نەخشەی ژمارە (١) دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگای پێشنیار کراو لە لایەن چینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە https://www.beltroad-initiative.com/belt-and-road

زیاتر لەوەی کە لەسەرەوە وەک ئامانجە دیارەکانی پرۆژەکە خرایە ڕوو، هەندێک پاڵنەری ئابوری، سیاسی و جیۆپۆلیتیکی دیکە هەن کە بوونەتە هەوێنی گەڵاڵەبوونی ئەم پرۆژە زەبەلاحە لای دەسەڵاتدارانی پەکین. هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژە بە هەندێک لەوانە بدەین. یەک: سیستمی سیاسی چین، کە مۆدێلێکی تاک حیزبی دەسەڵاتدارە، سیستمێکی داخراوە و باوەڕی بە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن نیە بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی وڵات، تەواوی بەرپرسانی حکومی ئەو وڵاتە لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتەوە لەسەر هەندێک بنەمای دیاریکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن. بەم پێیە، ئەم سیستەمە ڕەوایەتی جەماوەری نیە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم دۆخە،

سیاسەتمەدارانی چینی گەشەی ئابوری بەردەوام و جێگیر وەک جۆرێک لە ڕەوایەتی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، سەیر دەکەن. لەبەرئەوەیە، کە حکومڕانانی پەکین هەموو هەوڵێکیان بەو ئاراستەیەیە کە بتوانن پارێزگاری لە ئاستی گەشەی ئابوریان بکەن، پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ بەشێکی فراوانی دانیشتوانە ملیاردییەکەیان دەستەبەر بکەن.

دوو: بەشی زۆری گەشە و پێشکەوتنی چین لە ماوەی ڕابردوودا لە بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا بووە و بەشەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکە کەمترین گەشە و پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە. بە زانینی ئەمەی کە بەشەکانی ڕۆژئاوای چین، تبت و سینکیانگ هەردووکیان خاوەنی جۆرێک لە جوڵانەوەی ناڕازی و شۆڕشگێڕین لە دژی حکومەتی پەکین. ئەم دۆخە دەبێتە خاڵی لاوازی چین کە بەردەوام لەلایەن وڵاتانی دەرەکی، بەتایبەت ڕۆژئاوایی، چینی پێ سەرکۆنە دەکرێت. لەبەرئەوەیە کە، چین دەیەوێ ئەم کارتی فشارە بسوتێنێ بە ئاراستەکردنی گەشەکردن و بوژانەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا.


سێ: لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، گەشەی ئابوری چین جۆرێک لە جێگیریی و وەستانی بەخۆیەوە بینیوە. هەندێک لە پیشەسازییە قورسەکانی وەک ئاسن، پۆڵا و چیمەنتۆ زیاتر لە بەکاربردنی ناوخۆیی وڵاتەکە بەرهەمیان هەیە. زۆرێک لە پیشەسازییەکانی دیکەی کە پەیوەستن بە بنیاتنانی ژێرخانی ئابورییەوە، بە هەمان شێوە زیاد لە پێویستی ناوخۆ، بەرهەم دەهێنرێن. ئەکرێ یەکێک لە ئامانجەکانی دەستپێشخەرییەکە ئەمە بێت کە ئەم پیشەسازییانە لە وەستان و بەرهەمهێنان نەکەون و بەڵکو بکەونەوە خزمەتی ئامانجی دورمەوداتری وڵاتەکەوە.

چوار: چین لە ئێستادا خاوەنی گەورەترین چینی ناوەندە لەسەر ئاستی جیهان، ٣٤٤ ملیۆن نەفەر لە ساڵی ٢٠١٨ (Sicular and others, 2021). هەروەها، ساڵانە بە ملیۆنان هاوڵاتی چینی، لە چینی هەژارەوە دەکەونە ناو چینی ناوەند. بێگومان، بە زیادبوونی چینی ناوەندیش، خواست و ویستی ئەو چینەش ڕوو لە گۆڕان دەکات. لە زەمینەی ئابوریدا، ئەم چینە زیاتر دەبێتە بەکاربەرێکی چالاکی کاڵای کوالێتی بەرزی براندە جیهانییەکان، ئەمەش ئەوە دەخوازێت پرۆسەی هاوردە و هەناردە خێراتر و فرەچەشنتر بکرێت بۆ پڕکردنەوەی خواستەکانی چینی ناوەند. دەکرێ لەم سۆنگەیەشەوە سەیری دەستپێشخەری ڕێگەی ئاوریشمی نوێ بکرێت.

پێنج: هەندێک لە توێژەران ڕایان لەسەر ئەمەیە کە گەورەیی، فراوانی و سەرمایەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ بە ئەندازەیەکە کە، ئەبێت ئەم پرۆژەیە لە گۆشەنیگایەکی جیۆپۆلیتیکی یان ستراتیژێکی جیۆئیکۆنۆمیکییەوە سەیر بکرێت. جیۆئیکۆنۆمی ئاماژەیە بۆ گرتنەبەری ئامراز و میکانیزمی ئابوری بە مەبەستی پێشخستنی و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، و بۆ بەرهەمهێنانی ئەنجامی جیۆپۆلیتیکی بەسودە (Pu, 2016, 115) و (Al-Tamimi, 2017). بە تێگەیشتن لەم ڕاستییەی کە لە دوای هەرەسی یەکیەتی سۆڤیەت و خێرابوون و فراوانبوونی پرۆسەی بە جیهانی بوون، فاکتەرەکانی هێزیش لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا هاتووە. لە ڕابردوودا، هەبوونی ڕوبەری فراوانی جوگرافیایی، دانیشتوانی زۆر و جبەخانەی ئەتۆمی بە فاکتەری بەهێزبوونی وڵاتان دادەنران؛ بەڵام لە ئێستادا، هیچکام لەوانە بە تەنهایی وەکو فاکتەرێکی بەهێزبوونی وڵاتێک نایەنە ئەژمار، بەڵکو ئەوەی لە کاتی ئێستادا بایەخی بنچینەیی هەیە بریتیە لە توانای هەر وڵات و ناوچەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری، بەرزی داهاتی تاک بەپێی ستانداردی جیهانی. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە وڵاتانی جیهان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنان و لە ئەنجامدا زیادکردنی ئەندازەی (GDP)یان لە ڕیزبەندی ئابوری وڵاتانی جیهانیدا.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نەخشەی ژمارە (٢) دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست




سەرچاوە: https://ecfr.eu/publication/china_great_game_middle_east

لەم ڕوانگەیەوەیە، چین هەوڵی بەردەوامی ئەوەیە کە بە هەر نرخێک بێت، پارێزگاری بکات لە ئاستی گەشەی ئابوری و بەڵکو زیاتریشی بکات تا بگاتە پلەی یەکەمی ئابوری جیهانی. لە بەرانبەر ئەم خواستەی چیندا، هاوکێشەی هێزی نێودەوڵەتی لەوانەیە هاوکارێکی باش نەبێت. بەشێک لە دراوسێ بەهێزەکانی چین بە هەستیاریی و حەسرەتەوە لە هەڵکشانی چین دەڕوانن، ئامادەی هەرجۆرە هاوکاری و هەماهەنگییەکن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی دەستپێشخەرییەکانی چین لە ناوچە جیاوازەکان. چین نیگەرانە لەوەی کە هەماهەنگی ئەم وڵاتانە لە دۆخێکدا بگاتە ئاستی داخستنی گەروی ستراتیژی مەلەگا (Malacca strait)، کە شا ڕێگەی دەریایی هاوردەی وزە و هەناردەی کاڵای چینە لە ئێستادا (Grieger, ٢٠١٦, ٨).

## سێیەم/ دەرفەت و مەترسییەکانی ئەم دەستپێشخەریە بۆ عێراق

لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، ماوەیەک کە چین لە هەژاری و دواکەوتوویەوە گەشتە پلەی دووەمی ئابوری جیهانی، عێراق لە ئاستێکی بەرچاوی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانییەوە کەوتە ناو جەنگ، کارەسات و وێرانی بەشێکی گەورەی ژێرخان و سەرخانی ئابوری و کەرتە بەرهەمهێنەرەکانی وڵاتەکە. لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، عێراق بەردەوام لە دۆخی جەنگ و ئابڵۆقەی ئابوریدا بووە؛ لە وەها دۆخێکدا نەک هەر ئابوری گەشە ناکات بەڵکو ئەگەر ئەندازەیەک لە گەشە و پێشکەوتنیش هاتبێتە ئاراوە، دەوەستێت و پاشەکشە دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، عێراق خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوتی خاو، زەوی بەپیتی کشتوکاڵی، ئاوی شیرین، گازی سروشتی و کانزای پێویستی دیکەیە کە بۆ هەستانەوەی وڵاتەکە دەتوانن هاوکارێکی باش بن. هەرچەند، عێراقی دوای ڕژێمی بەعس تەنها سەرکەوتنیک کە توانیبێتی بەدەستی بهێنێت، بریتی بووە لە بەگەڕخستنەوەی کەرتی نەوتی وڵاتەکە. لە ئێستادا سەرو نەوەد لەسەدی بودجەی وڵاتەکە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی خاوەوە دابین دەکرێت. ئەم دۆخە لە ئەدەبیاتی ئابوریدا -ئابوری ڕانتی- هیچکات بە دۆخێکی باش و خوازراو سەیر ناکرێت و چەندین شوێنەواری خراپ بەسەر ئابوری، سیاسەت و فەرهەنگی وڵاتەکەوە بەجێدەهێڵێت.

هەرچۆنێک بێت، لە ئێستادا چین بە چاوێکی پڕ لە گرنگی و بایەخەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانێت. ئەم گرنگی و بایەخە لە ڕاستیدا پێش هەر بابەت و بوارێک، خۆی لە وزە و بازاردا دەبینێتەوە. بایەخی ئەم ناوچەیە لەو دوو ڕووەوە بە ئەندازەیەک بۆ چین

زۆرە کە لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا تەنها ناوچەیەکە ئاستی گرنگپێدانی تا ئاستی ستراتیژ بەرز کراوەتەوە (Al-Rawashdeh and AL-Qatatsheh, 2017) و (سلطانی و دیگران، ١٣٩٠). عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەناوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هەڵکەوتوون و لەو دوو بوارەی کە ئاماژەیان پێدرا، ئەتوانن وەڵامدەرەوەی چالاکی خواستەکانی چین بن. بێگومان هاتنەناوەوەی چین بۆ ناوچەکە بە گشتی و عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هاوکات دەبێ لەگەڵ کۆمەڵێک دەرفەت و مەترسیدا. ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی بە شێوەیەکی کورت و پوخت، هەندێک لەو مەترسی و دەرفەتانە بخاتەڕوو. بە باش زانراوە لەگەڵ ئەوەی کە دەرفەت و مەترسیەکان بۆسەر دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان پێکەوە باس دەکرێن؛ لە بەشی دواتردا، ئەو مەترسیانە بخرێنە ڕوو کە تایبەتن بە هەرێمی کوردستانەوە. بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا هەندێک لە دەرفەتەکان و پاشان مەترسییەکانیش دەخرێنەڕوو.

خشتەی ژمارە (١) ئاستی هاوکاری چین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

| country | Year signed | Type of Partnership |
|---|---|---|
| Iran | 2016 | Comprehensive strategic partnership |
| | 2021 | Comprehensive strategic partnership |
| Iraq | 2015 | Strategic partnership |
| Jordan | 2015 | Strategic partnership |
| Kuwait | 2018 | Strategic partnership |
| Oman | 2018 | Strategic partnership |
| Qatar | 2014 | Strategic partnership |
| Saudia Arabia | 2016 | Comprehensive Strategic partnership |
| UAE | 2018 | Strategic partnership |

سەرچاوە: (Al-Masaoodi, 2021, 55)

یەک/ کەرتی وزە: عێراق خاوەنی چوارەم گەورەترین یەدەگی نەوتییە لەسەر ئاستی جیهان و لە ئێستادا نزیک بە سێ ملیۆن و نیو بەرمیل لە ڕۆژێکدا، نەوتی خاو هەناردەی بازاڕی جیهان دەکات. بەمەش یەکێک دەبێ لە دەوڵەتە سەرەکییەکانی دابینکەری وزەی جیهانی. لەم ڕووەوە، عێراق توانی ببێتە پێنجەم گەورەترین هەناردەکاری نەوتی خاو بۆ بازاڕی جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٠. لەم ساڵەدا، بە بەهای ٤٥ ملیار دۆلار نەوتی هەناردە کردووە و گەورەترین هاوردەکاری نەوتی عێراقیش بۆ هەمان ساڵ، وڵاتی چینە بە بەهای ١٦ ملیار دۆلار (https://oec.world/en/profile/bilateral-product/crude-petroleum/reporter/irq). لە بەرانبەردا، چین دووەم گەورەترین بەکاربەری نەوتی خاوە لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بە تێبینی کردنی ئەمەی کە ئەمریکا یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو. کەواتە پێش هەر شتێک، ئاسایشی وزە پێکهێنەر و یارمەتیدەرە لە پەیوەندی چین-عێراقدا. چین لەبەرئەوەی کە خاوەنی یەدەگی نەوتی ئەوتۆ نیە، هەتابێت زیاتر و زیاتر پەیوەست دەبێت بە سەرچاوەی دەرەکییەوە. هاوتای گەشەی ئابوریەکەی، پێویستیشی بۆ بەکاربردنی نەوت و گازی دەرەکی زیاتر دەبێت (سلطانی و دیگران، ١٣٩٥).


وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی پرۆژەی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا، فرەچەشن کردنی ڕێگاکانی دابینکردنی وزەیە بۆ چینە. بە جۆرێک، ڕێگا و ڕێڕەوەکانی یەک پشتێنە تەواوی وڵاتە نەوتی و گازییەکانی ئاسیای ناوەڕاست، ناوچەی دەریای خەزەر، ڕوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەپۆشن و ڕێگە دەریاییەکەش دوبارە دەگاتەوە ناوچەی کەنداوی فارسی دەوڵەمەند بە یەدەگی نەوت. بەمشێوەیە، نزیک بە ٧٠٪ یەدەگی نەوت و گازی جیهان دەکەوێتە نێو دەستپێشخەرییەکەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، هاوشێوەی کۆمپانیا نەوتییە ڕۆژئاواییەکان، کۆمپانیا چینیەکانیش هاتنە ناو عێراقەوە بە مەبەستی بەشداربوون لە پیشەسازی نەوتی عێراقدا. قەبارەی بازرگانی دوو وڵاتەکە بەردەوام ڕووی لە گەشەیە. بەجۆرێک، لە ٢.٦ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٨، بەرزبوەتەوە بۆ

٢٠.٥ مليار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٥. لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەم ژمارەیە گەیشتە ٣٠ مليار دۆلار. هەروەها، چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانی عێراق بوو لە ساڵی ٢٠١٣. روونە کە بەشی زۆری هەناردەی عێراق نەوتی خاوە، کە لە بەرانبەریشدا کاڵای چینی هاوردە دەکات (Al-Bayan Center، ٢٠١٨، ٢٣). کۆمپانیا نەوتیە چینییەکان (Sinopec, CNPC, CNOOC) لە کێڵگەکانی باشور و هەرێمی کوردستان چالاکن و هەتابێت چالاکیان زیاتر دەبێت.

خشتەی ژمارە (٢) کۆمپانیا چینیە چالاکەکانی کەرتی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان

| company | Project/ oilfield | Location | participation | IOC partners |
|---|---|---|---|---|
| **CNPC** | Rumaila | Basra | 46.37 | BP |
| | West Qurna | Basra | 32.69 | ExxonMobil Shell Pertamina |
| | Halfaya | Missan | 45 | Total Petromas |
| **waha-Al** | Al-Ahdab | Wasit | 75 | SOMO |
| **CNOOC** | Missan | Missan | 63.75 | TPAO |
| **CNPC** | Southern Iraq integrated project | Basra | Still not determined | ExxonMobil |
| **Sinopec** | Nasiriya integrated project | Nasiriya | Still not determined | CNPC |
| **Sinopec** | Addax petroleum/ Sinopec | Taq Taq | 45 | Genel energy |
| | ------ | Sangaw | 26 | ------ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە (Al-Bayan Center for Planning and Studies, 2018,)، (Al-Masaoodi, 2021, 254 38) و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێگەی فەرمی لە ئینتەرنێت: https://gov.krd/mnr/




سەرچاوە: (Al-SHAFIY, 2015, 81)

دووەم/ ژێرخان و سەرخان: عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ژێرخان و سەرخانی ئابوری لە هیچ کەرت و بوارێکدا لە ئاستی ستانداردی جیهانیدا نیە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەهۆی چەندین دەیە لە جەنگی ناوخۆیی، دەرەکی و سەپاندنی گەمارۆ ئابورییەکانەوە، لەم ڕووەوە زۆر دواکەوتووە. لە لایەکی دیکەوە، گەشەی دانیشتوانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٢ (٢.٣٪)، ئەمە ڕێژەیەکی بەرزە و وادەکات لە کۆتایی ئەم دەیەیەدا ژمارەی دانیشتوانەکەی لە چل ملیۆنەوە بگاتە سەرو پەنجا ملیۆن نەفەر. ئەمە بە واتای خواستێکی بەردەوامی زۆر لەسەر هەموو بەش و کەرتە جیاوازەکانی ژێرخان و سەرخانی ئابوری. ئەگەر ئاستی لێهاتوویی و کارامەیی ئێستای حکومەتی عێراق وەکو بنەما وەربگرین، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کورتهێنانی وڵاتەکە لە ژێرخان وسەرخانی ئابوریدا تا کۆتایی ئەم دەیەیە زیاتر دەبێت.

بە تێگەیشتن لەو ڕاستیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، لە سەردەمی کابینەی وەزاری عادل عبدلمهدی لە ٢٠١٩، لە پاش سەردانێکی ڕەسمی بۆ پەکین، بە فەرمی ئەوە ڕاگەیەنرا کە عێراق بەشێک دەبێت لە پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ. لەمیانەی هەمان سەردان و دواتردا، چەندین گرێبەستی گەورە لە بوارەکانی، وزە، ڕێگاوبان، هێڵی شەمەندەفەر، کارەبا، پاڵاوگە، یەکەی نیشتەجێبوون و قوتابخانە و .. واژۆکراون (تەها، ٢٠٢٢، ٣٠). چین و کۆمپانیاکانی ئامادەییەکی زۆریان هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم گرێبەستانە. بە پێی ڕێکەوتنە واژۆکراوەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی چینی بێت، حکومەتی عێراق ڕۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو ڕەوانەی چین دەکات لە بەرانبەر ئەنجامدانی پرۆژەکانی ژێرخان و سەرخان. زیاتر لەمە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردودا ڕاگەیەنرا کە عێراق گەورەترین پشکی هەبووە لە وەبەرهێنانی چین و کۆمپانیاکانی بۆ ساڵی ٢٠٢١ بە بڕی ١٠.٥ ملیار دۆلار لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێدا. هەروەها، عێراق بووەتە سێیەم گەورەترین هاوبەشی چین لە ڕووی ئەنجامدانی گرێبەستی بواری وزە، لە دوای ڕوسیا و پاکستان (SVETLOVA, 2022) و (https://www.france24.com/en/live-news/20220822-china-cements-influence-in-iraq-through-oil-infrastructure-deals).

تێکڕا، ئەمانە دەرفەتی گەورە و گرنگن بۆ عێراق کە بتوانێ لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا، قەرەبووی چەندین دەیە دواکەوتن و وێرانبوونی ژێرخان و سەرخانی ئابوری بکاتەوە؛ بە مەرجی ئەوەی کە بتوانێ ئەندازەیەک لە سەقامگیری ئەمنی، سیاسی و ئابوری دەستەبەر بکات.

سێیەم/ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی: لەڕووی جوگرافیای سروشتی و مرۆییەوە، عێراق یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام لە واقیعدا، بەهۆی ئەو بارە ئەمنی و کارگێرییە نالەبارەی کە لەم چەند دەیەی دواییدا بەسەر وڵاتەکەدا هاتووە، لە ئێستادا بێجگە لە کەرتی نەوت – کە ئەویش تەنها بەرهەمهێنان و هەناردەیە - هیچ کەرتێکی دیکەی وڵاتەکە وەک پێویست چالاک نیە. ئەمە وایکردووە کە وڵاتەکە تەنها پشت بە داهاتی هەناردەی نەوت ببەستێت، ڕێژەی هەژاری زۆر بەرز بێت، داهاتی تاک نزم بێت و دەرفەتی کار بۆ دانیشتوانە گەنجەکەی زۆر کەم بێت. بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی دانیشتوان، بە شێوەیەکی فراوان، پشت بە هاوردەی کاڵا لە وڵاتانی دەرەکییەوە دەبەسترێ. بێگومان ئەو دۆخە بەرخۆریی و بەکاربەرییەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، بە هیچ شێوەیەک دۆخێکی خوازراو نیە و کاریگەری نەرێنی زۆری بەجێهێشتووە. بە سود وەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە لە چوارچێوەی دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگادا دێنە ئاراوە، بە سەرپێخستنەوەی ژێرخانی ئابورییەکەی، عێراق دەتوانێ ببێتە وڵاتێک کە نەوەک هەر بەشی پێداویستییەکانی خۆی، بەڵکو لانی کەم، ببێتە سەرچاوەی دابینکردنی بەشێکی بەرچاو لە بەروبومە خۆراکییەکانی وڵاتانی کەنداو. هاوکات، پیشەسازی خۆراکی و جوڵەی بازرگانیش برەودەسەنن.

عێراق لە پلانیدا هەیە کە بەندەری گەورەی فاو لەسەر کەنداوی فارسی، بکاتە یەکێک لە خاڵە ستراتیژیەکانی پێکەوە گرێدانی پشتێنەی وشکانی و ڕێگەی دەریایی ئاوریشمی نوێ. لە ئەگەری سەرکەوتوانە تەواوبوونی ئەم پرۆژە ستراتیژیەدا، ساڵانە ملیۆنان تەن کاڵا لەڕێگەیەوە ئاڵوگۆڕ و ترانزێت دەکرێت و ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ڕەخسێنەری دەیان هەزار دەرفەتی کاری ڕاستەوخۆ و هەزارانی دیکەی ناڕاستەوخۆیە. هاوکات، عێراق دەکاتە ناوەندێکی گەورە و گرنگی ترانزێتی کاڵا لە نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا لەڕێگەی بەستنەوەی بەندەرەکەوە بە هێڵی شەمەندەفەری تورکیا و ئەوروپاوە. لەم شێوەیەدا، بەشی زۆری بازرگانی ئەنجامدراو لە ڕێگەی دەریای سور و نۆکەندی سوێسەوە دەگوێزرێتەوە بەندەری گەورەی فاو (Al-Zahidee and Al-Adam, 2021).

چوارەم/ هاوسەنگی هێزی ناوچەیی: تا پێش هەڵگیرسانی جەنگی درێژماوەی عێراق-ئێران، لە هاوکێشەی هێزی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا عێراق وڵاتێکی بەهێزی سیاسی، سەربازی و ئابوری بوو. هەندێ کات ڕێبەرایەتی وڵاتانی عەرەبی دەکرد. سەروەری و سیادەی وڵاتەکە لە ئاست وڵاتە بەهێزەکانی دیکەی ناوچەکەدا -ئێران، تورکیا و سعودیە- پارێزراو و ڕێزلێگیراو بوو. بەڵام بە هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق-ئێران، بەدوای ئەودا پەلاماردانی کوەیت، هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ دەرکردنی عێراق لە کوەیت، پاشان گەمارۆ ئابورییە ئیفلیجکەرەکانی دەیەی نەوەد و پاشان هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ ڕوخاندن و گۆڕینی ڕژێمی بەعس، دوابەدوای ئەوە، جەنگە ناوخۆییە تایفییەکان و جەنگی تیرۆر، بەتەواوی بڕستیان لە وڵاتەکە بڕی. بێگومان وەها مێژوویەکی پڕ لە جەنگ و خوێن ڕشتن و وێرانی، هەموو جۆرە توانا، هێز، سەروەری و سیادەیەکی لە وڵاتەکە لاواز کرد و لە لیستی وڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکەی کردە دەرەوە.

لە دۆخی ئێستادا وڵاتەکە زیاتر ڕۆڵی گۆڕەپانی یاری هێزە ناوچەیی و هەندێ جار جیهانییەکان دەبینێ. سنورەکانی لە لایەن دراوسێکانییەوە پێشێل دەکرێ و گیانی هاوڵاتییەکانی دەکرێتە قوربانی. ئاسایشی ئاوی وڵاتەکە بە تەواوی کەوتوەتە بەر مەترسی پرۆژە ئاوییە بەرفراوانەکانی تورکیا و ئێران؛ لە ئێستادا هەردوو وڵات توانای بڕینی بەشی زۆری داهاتی ئاوی عێراقیان هەیە و ساڵانە لە وەرزی هاویندا هەندێک لە ڕوبارە سنورییەکان داهاتی ئاویان سفر دەبێتەوە. ئەم پرسە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە کارتێکی فشاری گەورە بە دەست هەردوو وڵاتەوە. گومانی تێدا نیە کە ئەم دۆخە بەرەنجامی شکستی حکومڕانی چەند دەیەی عێراقە.

هاتنە پێشەوەی چین و بەشداربوونی عێراق لە پرۆژەی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا، دەرفەتی هەستانەوەیەکی خێرا دەخاتە بەردەم عێراق. ئەگەر عێراق بتوانێ بەو شێوەیەی کە لە پلان و بەرنامەکاندا هەیە، پرۆژەکان بخاتە بواری پراکتیکەوە، وڵاتەکە بوژانەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت. بەمشێوەیە، کە لە ڕووی ئابورییەوە کەوتە سەر سکەی گەشە کردن، بێگومان جۆرێک لە سەقامگیری سیاسی و ئەمنیش دێتە

ئاراوە؛ ئەم سێ فاکتەرە یارمەتیدەر دەبن بۆ گەڕانەوەی ئەندازەیەک لە سەنگ و قورسایی بۆ پێگەی عێراق لە هاوکێشەی هێزی ناوچەکەدا. وەک لە پێشەوە ئاماژەی پێدرا، هاوکات لەگەڵ ئەم دەرفەتانەدا، هەندێک مەترسیش هەن کە لەگەڵ هاتنە ناوەوەی چین و پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێدا، دێنە ئاراوە. لێرەدا هەندێک لەو مەترسیانە بۆ سەر عێراق بەگشتی، ئاماژەیان پێدەدرێت.

یەک/ کەوتنە نێوان دوو بەرداشەوە: هەرچی زیاتر چین وەکو هێزێکی سیاسی و سەربازی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خۆی نمایش بکات، نیگەرانییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە هەمبەر زیادبوونی پێگە و هەژموونی چین لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و دواکەوتوو، زیاتر دەبێت. چین لە ئێستادا لە زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیایی، ئەفریقی، ئەمریکای لاتین و ئەوروپا چالاکانە سەرقاڵی کاری وەبەرهێنانە. بڵاوبوونەوەی کۆمپانیا و سەرمایەی چینی بە سەرانسەری دنیادا، بووەتە مایەی متمانە بەخۆبوونی زیاتری چین و ڕاشکاوبوون و پێداگربوونی زیاتری لەسەر خواستە جیۆپۆلیتیکییەکانی لە بەرانبەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی. هەرچەند لەسەر زلهێزبوونی چین لە سەدەی بیست و یەکدا ڕای جیاواز هەیە. کورتی ئەم نووسینە ڕێگە بەوە نادات کە بە درێژی لەسەر ئەم بابەتە بڕۆین. بە کورتی لە دیدی وڵاتانی نەیاری ئەمریکا و ئەو سیستەمەی کە ڕابەرایەتی دەکات، چین لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێتە زلهێز. لە بەرانبەردا، ناوەند فکرییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ژاپۆن و هند و وڵاتانی هاوپەیمانیان، ڕایان وایە کە چین هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەوەی کە خاوەنی تایبەتمەندی زلهێزێکی جیهانی بێت (عەزیز، ٢٠٢١، ٧٧).

هەرچۆن بێت، لە ئێستادا چین زلهێزێکی ئابوری جیهانییە و بە خێرایی بەرەو پلەی یەکەمی ئابوری جیهانی دەڕوات. لە دوای سەرهەڵدانی جەنگی ڕوسیا-ئۆکرانیا و هەڵمەتی ئیدانە و گەمارۆ ئابورییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ سەر ڕوسیا، زیاتر لە هەرکاتێکی تر، لە ئێستادا ئەگەری دروست بوونی بەرەیەکی چینی-ڕوسی-ئێرانی و وڵاتانی لایەنگریان هەیە. لە وەها دۆخێکدا بێگومان هەندێک ناوچە و وڵات دەبنە گۆڕەپانی بەریەککەوتنی بەرداشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. دروست بوونی ئەم دوو بەرەیە لەوانەیە بۆ هەندێک وڵات مایەی سود بێت و زیرەکانە لە هەردوو بلۆکەکە دەستکەوت و ئیمتیاز وەربگرن (تورکیا بە نمونە)؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە، بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق لە ئێستادا کەوتنە نێوانی ئەو دوو بەرداشەوە لە زیانی دەبێت. بۆیە لە بەرژەوەندی عێراق و گەلەکەیدایە کە نەکەوێتە داوێنی بەرەیەک لە دژی بەرەیەکی دیکە و لە دۆخی بێلایەنیدا بمێنێتەوە.

دوو/ دیپلۆماسی قەرز یان تەڵەی قەرز (debt trap): لە پەیوەست بە سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانەکانی چینەوە لە وڵاتانی دیکەدا، وڵاتانی بەشدار لە پرۆژەی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا و وڵاتانی دیکەش، هەندێ کات چەمکی تەڵەی قەرز یان دیپلۆماسی قەرز بەکاردەهێنرێت. ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنان و سودوەرگرتنی چین لە ئامرازی پێدانی قەرز بە بڕێکی زۆر بە وڵاتان و هەرکاتیش ئەو وڵاتە -یان وڵاتانە- توانای گێڕانەوەی قەرزەکەی نەبوو، ناچاری دەکات کە پێگەیەکی ستراتیژی پێبدات. بەگوێرەی هەندێک لە سەرچاوەکان، ئەم دۆخە لە هەندێک وڵاتی وەک سریلانکا و میانمار لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕویداوە. هاوکات چین لەگەڵ هەندێک وڵاتی دیکەشدا قەیرانی قەرزی هەیە (عەزیز، ٢٠٢١، ١١٥) و (رئیسی-نژاد، ١٤٠٠).

هەرچەند لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا، ڕای دیکەش هەن کە چین بەری دەکەن لەوەی کە قەرز وەکو تەڵەیەک لە بەرانبەر وڵاتان بەکاربهێنێت. بەڕای ئەوان، بەکارهێنانی چەمکی 'تەڵەی قەرز' یەکەمجار لە لایەن هندییەکانەوە داهێنراوە وەکو جۆرێک لە بەرەنگاربوونەوە و ساردکردنەوەی وڵاتان، لە دروستکردنی پەیوەندی و وەرگرتنی قەرزی چینی (Jones and Hameiri, 2020). هەرچۆنێک بێت، بۆ بەدووربوون لە مەترسی کەوتنە ژێرباری گیروگرفت و شوێنەوارە نەرێنییەکانی قەرزی چینییەوە، باشتر وایە عێراق بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە قەرزانەدا بکات. هەرچەند، بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکانی هەندێک لە گرێبەستەکانی نێوان چین و عێراق، بەشێکی زۆری کار و پرۆژەی چینییەکان لە عێراقدا، لە شێوەی ئەنجامدانی پرۆژەی ژێرخانە لە بەرانبەر وەرگرتنی نەوتی خاودا. لەم شێوەیەدا، دۆخی عێراق باشترە لەو وڵاتانەی کە خاوەنی دەرامەتی سروشتی ستراتیژی نین.

سێ/ تەشەنەسەندنی گەندەڵی و پاشەکشەی دیموکراسی: دۆخی گەندەڵی و دیموکراسی لە عێراقی پاش ڕژێمی بەعس روون و ئاشکرایە.

بەپێی ڕیزبەندی ساڵانەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان، عێراق بەردەوام لە پلەکانی کۆتاییدا بەرزونزم دەکات(Agator, 2013, 2). مۆدێلی دیموکراسی شکڵی تەوافقییەکەشی پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە (Bertelsmann Stiftung, 2022). چاوەڕوان دەکرا لەگەڵ هاتنی ئەمریکا و کرانەوەی عێراق بەڕووی دنیادا، پرۆسەی دیموکراسی بکەوێتە سەر سکەی بەهێزبوونی، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا و لە هیچ وڵاتێکیش ئەگەری سەرکەوتنی دیموکراسی هاوردە کراو لە دەرەوە، ئەگەرێکی بەهێز نیە. سیستمی ئابوری عێراقیش هەروەها، سیستمێکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی خاو بەستووە. ئەمەش مۆدێلێکی لە ئابوری ڕانتی بەرهەمهێناوە. لەباشترین دۆخدا، ئەوکاتانەی کە حکومەتێکی بەهێز لە عێراقدا بوونی هەبووە، توانیویەتی سود لە بەشێک لە داهاتی نەوت وەربگرێت بۆ گەشەدان و پێشخستنی کەرتە ئابورییەکانی دیکە. لە خراپترین دۆخدا، داهاتی هەناردەی نەوتی خاو خراوەتە خزمەتی بەرخۆرکردنێکی بێ بەرهەمی کۆمەڵگە و بەرهەمێنانی گەندەڵی سیستماتیک، لە بەرزترین ئاستی وەزارییەوە بۆ بچوکترین فەرمانگە. ئەم دۆخە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشووەوە تا ئێستا بەردەوامە.

مەترسی خراپتربوونی دۆخەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە سەرباری بوونی بەهێز و فراوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ناوندە سیاسی و ئابورییەکانیان بەردەوام لە پەیوەندی و ڕاوێژدا بوون لەگەڵ دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارانی تازەی عێراق، کە وڵاتەکە بەئاراستەی چاکسازی ئابوری، شەفافیەت و بەهێزکردنی دیموکراسیدا بەرن. هەندێکجار تا ئاستی فشارلێکردن چوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجامێکی باش بەدەست نەهاتووە.

بە کەمبوونەوەی ڕۆڵی سەربازی و سیاسی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هەروەها کەمبوونەوەی کاریگەری ناوەندە ئابوری و داراییەکانی ڕۆژئاوا لە عێراقدا و شوێنگرتنەوەی ئەوانە لە لایەن کۆمپانیا چینیەکانەوە، مەترسی خراپتر بوونی دۆخی گەندەڵی و پاشەکشەی زیاتری دیموکراسی دەکرێت. وەک لە پێشەوە ئاماژەی پێدرا، هەم مۆدێلە سیاسییەکەی چین و هەم سیاسەتی درەوەی چین لەسەر ئەوە دانەڕێژراون کە بەهاکانی خۆیان بە جیهاندا بڵاو بکەنەوە، دەست وەردان -لە کەمترین شێوەیدا- لە سیستمی سیاسی و ئابوری وڵاتان بکەن، بانگەشەی دیموکراسی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی بکەن. بۆیە، لەگەڵ ئامادەبوونی زیاتری چینییەکان لە عێراقدا و غیابی نوخبەیەکی دەسەڵاتداری خاوەن ئیرادەی گەشەکردن و پێشکەوتن، پێشبینی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و بەهێز بوونی پرۆسەی دیموکراسی ناکرێت.

چوارەم: مەترسییەکانی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ بۆ سەر هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی دەستوری ناو عێراق دەتوانێ سودمەندبێت لەو دەرفەتانەی کە ئامادەبوونی زیاتری چین لە عێراق و ناوچەکەدا لەگەڵ خۆی دەیانهێنێت. هەروەها، لەهەمان کاتدا دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو مەترسیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا؛ هەندێک مەترسی کە هەڕەشە لە دۆخی هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە دەکەن. بەڵام لەم بەشەدا مەبەست ئەوەیە کە ئاماژە بە هەندێک مەترسی بدرێت کە هەڕەشەن تەنها لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، جیا لە عێراق.

یەک/ بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی و لاوازی سیستمی فیدراڵی: سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووی جوگرافیای سیاسییەوە چین وڵاتیکە کە گونجاوە لە ڕێگەی سیستمێکی فیدراڵیەوە ئیدارە بکرێت، بەڵام شێوازی بەڕێوەبردنی چین ناوەندییەکی بەهێزە. کۆی بڕیار و دەسەڵاتەکان لای حکومەتی ناوەندن. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر چین لە عێراقدا پێگە و سەنگی زیاتر بێت، ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە کە حکومەتی ناوەندی بەهێز بێتەوە لەسەر حسابی سیستمی فیدراڵی. بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لەبەرئەوەی کە چین خاوەنی پێکهاتەی دینی و نەتەوەیی جیاوازە و بەشێکی بەرچاوی ڕووبەرەکەی لە بەشی ڕۆژئاوایەوە، ئەم پێکهاتە جیاوازانەی تێدا نیشتەجێن؛ قەبوڵکردنی سیستمی فیدراڵی بە هەڕەشەیەک بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەهێزکردنی هەستی جیاخوازی ئەم پێکهاتانە لەقەڵەم دەدات (Zhu and Blachford, 2005). هەرچەند بەهۆی فشار و ڕەخنەی بەردەوامی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆسەر شێوازی مامەڵەی حکومەتی چین لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکاندا، لەم چەند ساڵەی کۆتاییدا سەرنجی حکومەتی چینی لەڕووی گەشەپێدانی ئابوورییەوە بۆسەر ئەوناوچانە زیاد بووە، لە ئێستادا ناوچەکانی ڕۆژئاوای چین بە خێرایی گەشە دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا کێشەی کەمینەکان وەکو ئاڵەنگارییەکی جدی لەبەردەم حکومەتی

چینیدا وێنا دەکرێت (Liebold, 2013).

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە، چین هێزێکە کە حەزی بە باسوخواس و پرسی مافی پێکهاتەکان، بەشداری پێکردنیان، فیدراڵیەت و مافی چارەی خۆنووسین نیە. لەبەرئەوە، چین هیچ جۆرە قسە و لێدوانێک لەسەر ئەم بابەتە ناکات مەگەر لە حاڵەتی دەگمەندا. لە وەها دۆخێکدا، چین پێی باشە مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکاندا بکات و ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ حکومەتی عێراق کە هەمیشە ویستی بەهێزبوونەوەی دەستگا ناوەندییەکانی هەبووە لەسەر حسابی لاوازکردنی حکومەتی هەرێم. چونکە فیدراڵیزمی عێراق، ئەوەندەی کە سیستمێکی هاوردە و سەپێنراوە، هەڵقوڵاوی تێگەیشتنی هێزە دەسەڵاتدارەکانی عێراق نیە بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتەکە. هاوکات، وڵاتانی دراوسێی عێراق، بەتایبەت ئەوانەی کە خاوەنی پێکهاتەی جیاوازن، حەزیان بە سەرکەوتنی ئەزمونی فیدراڵیەت لە ناوچەکەدا نیە.

دوو/ پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان: لە مانگی شەشی ئەم ساڵدا بەردی بناغەی پرۆژەی دروستکردنی هەزار قوتابخانە لە سەرتاسەری عێراق لە ماوەی دوو ساڵدا، لە لایەن موستەفا کازمیەوە دانرا. هاوکات، ڕێککەوتنی تر واژۆکراوە بۆ دروستکردنی پاڵاوگەیەکی گەورە و پرۆژەی پترۆکیمیایی لە پارێزگای بەسرە، کۆی ئەم پرۆژانە و چەندانی دیکەش، لە لایەن چینەوە واژۆ کراون و دەست بە جێبەجێکردنیان دەکرێت (حەویز، ٢٠٢٢). بەشی زۆری ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتی ناوەندی لەگەڵ چینییەکان واژۆیان دەکات، ئەنجامدانی پرۆژەن لە بەرانبەر وەرگرتنی نەوتی خاودا. وادەردەکەوێت کە ناوچەکانی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێبەش بکرێن لەو گرێبەستانەی کە حکومەتی ناوەندی لەگەڵ چین واژۆیان دەکات. بۆ نمونە لە پرۆژەی دروستکردنی هەزار قوتابخانەکەدا، پارێزگاکانی هەرێم هیچ پشکێکیان نیە. هەروەها، چاوەڕوان دەکرێ بۆ گرێبەستەکانی داهاتوو، لە بوارە جیاوازەکاندا، بەهەمان شێوە، پارێزگاکانی هەرێم هیچ پشکێکیان نەبێت. ئەوەی کە وایکردووە هەرێم لەم پەراوێزیەدا بمێنێتەوە خراپی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدایە بە پلەی یەکەم. لەکاتی ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە لە ساڵی ٢٠١٣، تا ئێستا پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە ڕووی ئابوری و سیاسییەوە ئاسایی نین. ئابوری سەربەخۆ بیانویەکی بەهێزی دایە دەست حکومەتی ناوەندی بۆ بڕینی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەمکردنەوە و نەناردنی شایستە دارایی و ماددیەکانی دیکەی لە بوار و سێکتەرە جیاوازەکاندا. ئەم دۆخە وایکردووە کە ئەنجامدانی پرۆژە و خزمەتگوزارییەکان لە دوای ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم ببنەوە و پاشەکشە بکەن.

حکومەتی هەرێم لە ئێستادا نە پارەی پێویستی لەبەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ژێرخان و ستراتیژی، نە وەک حکومەتی ناوەندی دەتوانێت لە بەرانبەر ئەنجامدانی پرۆژە، نەوتی خاو ڕەوانەی چین بکات؛ نە دەسەڵاتدارانی هەولێر بە تێگەیشتن لەو ڕاستیانە، هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەدەن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. ئەم دۆخە بووەتە هۆی پەراوێزخستنی پارێزگاکانی هەرێم لە ڕووی پرۆژە و خزمەتگوزارییەوە و لە ئەنجامدا، کۆی هەرێمەکە دەکەوێتە پەراوێزەوە.

سێ/ کەمبوونەوەی پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی: بە بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی و جێبەجێ¬کردنی گرێبەست و پرۆژەکانی ژێرخان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی خوارو و ناوەڕاستی عێراق و بێبەشبوونی هەرێم لێیان، هەرێمی کوردستان، کە وەک ناوچەیەکی ئارام بۆ کاری وەبەرهێنانی کۆمپانیا بیانییەکان سەیر دەکرا لە ڕابردوودا، بە شێوازێکی تەدریجی پێگەکەی لەدەست دەدات. لە ئێستادا گەورەترین چالاکی ئابوری هەرێمی کوردستان بریتیە لە کەرتی نەوت و گاز، ئەم کەرتەش بەهۆی ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغداوە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم، دوچاری تەنگەژە و ئاستەنگی جدی بوەتەوە، بە ئەندازەیەک کە حکومەتی ناوەندی چالاکی کۆمپانیا بیانییەکانی لە کەرتی نەوت گازی هەرێمدا، لە ڕێگەی بڕیارێکی دادگای فیدراڵییەوە، بە نایاسایی ئەژمار کرد. ئەم بڕیارە بووەتە هۆی بەجێهێشتنی هەندێک کۆمپانیای بوارەکە لە هەرێمی کوردستان (ئیدواردز، ٢٠٢٢). پێشبینی ئەوە دەکرێت لە ئەگەری چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیەدا، هەرێم دوچاری تەنگەژەی سەختتر لە کەرتی نەوت و گازدا ببێتەوە و لە ترسی سزادانی حکومەتی ناوەندی، کەمتر کۆمپانیایەک بتوانێ لە هەرێمەکەدا کار بکات. ئەم دۆخە وادەکات کە هەرێم پێگەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە وەک ناوچەیەکی ئارام و لەبار بۆ کاری

وەبەرهێنان سەیر دەکرا لاواز و کەم بێتەوە. بۆیە، گونجاوە کە دەسەڵاتدارانی هەولێر بە وریاییەوە مامەڵە بکەن لەگەڵ پرسی ئیدارەی مەلەفی نەوت و گاز لەگەڵ حکومەتی ناوەندی.

## ئەنجام

لە ساڵی ٢٠١٣ەوە چین دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگای ڕاگەیاندووە و نزیک بە حەفتا وڵات بەشدارن تێیدا. ئامانجی سەرەکی و لەپێشینەی چین بریتیە لە دابینکردنی ئاسایشی وزە و ڕێگەی ساغکردنەوەی کاڵاکانی لە چەند ڕێگەیەکەوە. عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ەوە بە فەرمی ڕایگەیاندووە کە بەشێکە لە پرۆژەکە. پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ یان هەمان یەک پشتێنە و یەک ڕێگا، دەتوانێ لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک دەرفەتی بێ وێنە و لە هەمان کاتدا مەترسی بۆ وڵاتانی بەشدار لە پرۆژەکەدا بهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە، توێژینەوەی بەردەست تەرخانکرا بۆ لێکۆڵینەوە لە چییەتی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ و گرنگترین ئەو دەرفەت و مەترسیە ئیحتیمالییانەی کە دێنە ڕێگەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پرۆژەکەدا. بۆ ئەم مەبەستە، لە پاش کورتەیەک دەربارەی هەستانەوەی چین و گەشەکردنی، کورتەیەک دەربارەی دەستپێشخەری یەک پشتێنە و یەک ڕێگا، ئامانج و مەبەستەکانی خراوەتە ڕوو. لە دوای ئەوە، باس لەو دەرفەتانە کراوە کە عێراق و هەرێمی کوردستان دەتوانن سودمەندبن لێیان؛ لە گرنگترین ئەو دەرفەتانەش: کەرتی وزە، ژێرخان و سەرخان، بوژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی و هاوسەنگی هێزی ناوچەیی. هەرچی مەترسییەکانیشن بریتین لە: کەوتنە نێوان دوو بەرداشەوە، تەڵەی قەرز یان دیپلۆماسی قەرز و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و پاشەکشەی دیموکراسی. کۆی ئەم دەرفەت و مەترسیانە بەگشتی کاریگەرییان دەبێت لەسەر دۆخی عێراق. بەڵام هەندێک مەترسی بە شێوەیەکی تایبەت، کاریگەرییان لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستانە. لەوانە: بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی و لاوازبوونی سیستمی فیدراڵی، پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان و کەمبوونەوەی سەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

## سەرچاوەکان

**کوردی:**

١/ عەزیز، سەردار، (٢٠٢١). بەخێربێن بۆ سەردەمی چینی لە کوردستان و عێراق، چاپی یەکەم.

٢/ تەها، یاسین، (ئازاری ٢٠٢٢). لاکردنەوەی عێراق بەلای چیندا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ١٢، ساڵی دووەم.

**فارسی:**

٣/ ترابی، قاسم و صانعی، راضیه، (تابستان ١٣٩٥). موانع تحقق ابرپروژه جاده ابریشم از چشم-انداز نظریه همگرایی، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال دوانزدهم، شماره سی و پنجم.

٤/ پیرسلامی، فریبرز ارغوانی و پیرانخو، سحر، (پاییز ١٣٩٦). جاده ابریشم نوین به مثابه راهبرد سیاست خارجی چین: فرصتها و تهدیدها برای ایران، فصلنامه روابط خارجی، سال نهم، شماره سوم.

٥/ رئیسی-نژاد، آرش، (پاییز و زمستان ١٤٠٠)کمربند زمینی راه آبریشم نوین و ژئوپلیتیک آسیای مرکزی، پژوهش نامه ایرانی سیاست بین الملل، سال ١٠، شماره ا.

٦/ کیسینجر، هنری، (١٣٩١). چین، ترجمه: حسین رأسی، فرهنگ معاصر، تهران.

ئینگلیزی:

7/ Agator, Maxime (2013). Iraq: overview of corruption and anti-corruption. Transparency International.

8/ Al-Tamimi, Naser (2017). why the new silk road leads to the middle east, Arab news.

9/ Al-Rawashdeh, Mohammed Salim and Al-Qatatsheh, Mohammad Hamad, (January 2017). chain's strategy in the middle east (the silk road project), Journal of Humanities and Social Science, Volume 22, Issue 1.

10/ Al-Bayan Centre for Planning and Studies Series of Publications, (2018). Chinas belt and road initiative: an opportunity for Iraq.

11/ Al-SHAFIY, Haider Hamood Radhi (2015). CNPC, CNOOC and SINOPEC in Iraq: Successful Start and Ambitious Cooperation Plan, Journal of Middle Eastern and Islamic Studies (in Asia). Vol.9, No. 1.

12/ Al-Masaoodi, Amjad H, (2021), China and Iraq; 1949-2016. Thesis is presented for the degree of doctor of philosophy of political science, The university of western of Australia.

13/ Al-Zahidee, Amjed Radha Hasan and Al-Edam, Hamdiya Shaker Muslim, (2021). the economic effects of the establishment of the great port of Faw And its link to the belt and road initiative, Turkish journal of computer and mathematics education, vol.12, no.14.

14/ Bertelsmann Stiftung, BTI 2022 Country Report — Iraq. Gütersloh: Bertelsmann Stiftung.

15/ Grieger, Gisela, (2016). One belt One road (OBOR) chains regional integration initiative, European parliamentary research service.

16/ Jones, lee and Hameiri, Shahar, (August 2020). debunking the myth of 'dept-trap diplomacy': how recipient countries shape Chinas belt and road initiative, Chatham house, Asia-pacific Program.

17/ Leibold, James, (2013). Ethnic policy in China: is reform inevitable? East west center, Honolulu, Hawaii.

18/ Nobis, Adam, (2017). the new silk road, old concept of globalization, and new questions, Open Cultural Studies.

19/ Sicular, Terry, and Yang, Xiuna and Gustafsson, Bjorn, (July 2021). the rise of Chinas global middle class in international perspective, IZA institute of labor economics, discussion paper series.

20/ Pu, Xiaoyu, (January 2016). One belt, one road: Visions and Challenges of Chinas Geoeconomic strategy, ResearchGate.

21/ Yang, Zi, (Nov 2018). securing Chinas belt and road initiative, united states institute of peace, special report 436, Washington DC.

22/ Zhu, Yuchao and Blachford, Dongyan, (June 2005). Ethnic minority issues in Chinas foreign policy; perspective and implications, The Pacific Review, Vol. 18 No. 2.

پێگە ئینتەرنێتییەکان:

23/ Black cat, white cat. By Mark Buckle; http://www.chinadaily.com.cn/a/201808/02/WS5b728ae4a310add14f385b4a.html. 15/8/2022.

24/ Chinas war with Japan on China's War with Japan | Faculty of History (ox.ac.uk) . 15/7/20222.

25/ Chinas economic development growth in 40 years on China's economic development in 40 years - Chinadaily.com.cn 15/7/2022.

26/ China's great game in the Middle East, Camille Lons (project editor), Jonathan Fulton, Degang Sun, Naser Al-Tamimi on https://ecfr.eu/publication/china_great_game_middle_east/ 7/9/2022.

27/ Crude Petroleum in Iraq on https://oec.world/en/profile/bilateral-product/crude-petroleum/reporter/irq 7/9/2022.

28/ top 15 countries by GDP in 2022 on Top 15 Countries by GDP in 2022 | Global PEO Services 16/7/2022.

29/ belt and road initiative on Belt and Road Initiative (beltroad-initiative.com) 17/7/2022.

٣٠/ ایران و ژئوپلیتیک جهان، محمود سریع القلم. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/١٨ وەرگیراوە

https://sariolghalam.com/2022/03/19/%d8%a7%db%8c%d8%b1%d8%a7%d9%86-%d9%88-%da%98%d8%a6%d9%88%d9%be%d9%88%d9%84%db%8c%d8%aa%db%8c%da%a9-%d8%ac%d8%af%db%8c%d8%af-%d8%ac%d9%87%d8%a7%d9%86/

٣١/ ئەمریکا دەستوەردان لە کێشەی بەغداد و هەولێر دەکات؟ روینا ئیدواردز. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٥ وەرگیراوە

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10983

٣٢/ چین و خورهەڵاتی ناوەڕاست: گۆڕانکاری لە کوردستان، عەبدوڵا حەوێز. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٠ وەرگیراوە http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9417

33/ How Iraq became the top link in China's belt and road strategy, Ksenia Svetlova, on https://www.jpost.com/international/article-695713 24/7/2022.

٣٤/ گرێبەستە ئیمزاکراوەکان، پێگەی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان: https://gov.krd/mnr/